IRIS
American University of Iraq, Sulaimani
Institute of Regional & International Studies



# بودجەی نیشتیمانی ئامانجە نزیک و مامناوەندیەکان

ئەحمەد تەبەقچەلی
حەمزە ئەلشەدیدی
عەلی ئەلسەفەر

هەڵسەنگاندنی ئابوری عێراق
ئازار ٢٠٢١

## دەربارەی پەیمانگای لێکۆلینەوی هەرێمی و نێودەوڵەتی

پەیمانگای لێکۆلینەوی هەرێمی و نێودەوڵەتی سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەیە لە عێراق وپابەندە بە شیکاری سیاسی سەربەخۆ وپشت بەستوو بە ئەزمون دەربارەی عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئۆفیسی سەرەکی ئەم پەیمانگاکە لە زانکۆی ئەمریکیە لە عێراق - سلێمانی و ئەم ناوەندە هاوبەشی دامەزراوە ئەکادیمیەکان و ئاژانسەکانی هاریکاریە لەسەراپای جیهاندا و ئەو ناوەندانە هاوبۆچونی دیدگای ئەم ناوەندەن لە دەستپێشخەری گفتوگۆی سیاسی دەربارەی عێراق بەپشت بەستن بە توێژینەوەی کاریگەر و پسپۆری خۆجێی، لەوانەش دیداری ساڵانەی سلێمانی بۆ بەشداریکردن و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و هاندانی دیالۆگ لەگەڵ چەندین لایەنی پەیوەندیدار دەربارەی ئاڵنگاریە سیاسیە ئاڵۆزەکانی عێراق و هەرێمەکە. لە کۆتاییدا، ئەم ناوەندەی توێژینەوەیە هانی بونیادنانی کارامەیی وتواناکانی توێژەرە گەنجەکان و بڕیاڕدەرە سیاسیەکان و سەرکردەکانی عێراق دەدات بۆ مەبەستی سوود وەرگرتن لە توێژینەوەی سیاسی لە پێناو گۆڕانگاری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

## دەربارەی هەڵسەنگاندنی ئابوری عێراق

گوتاری سیاسی دەربارەی گەشەپێدانی ئابوری عێراق هەمیشە پشت بەو بۆچونە دەبەستێت کە پێویستە کەرتی تایبەتی نا-نەوتی عێراق فراوانتر بکرێت بۆ ئەوەی سەربەخۆی و بوژانەوەی ئابوری بۆ زۆرینەی دانیشتوانی عێراق فەراهەم بکات. بەڵام هێشتا ڕوون نیە مەبەست لە فراوانترکردنی کەرتی تایبەتی نا-نەوتی چ مەغزایەکی هەیە بۆ عێراق کە وڵاتێکە هەمیشە لەشەپۆلی بازنەی ناسەقامگیری و ململانێی  سیاسیدایە. لەئێستادا عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی دەبێت خۆیان ئامادە بکەن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمبونەوەی خواستی درێژخایەن بۆ نەوت. هیچ کات هێندەی ئێستا عێراق پێویستی بە تێگەیشتن لە داینامیکی ئابوری و ئاڵنگاریەکان نەبووە. (ئای ئی ئارِ) هەلَسەنگاندنی ئابوری عێراق لە لایەن (نێد) سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی پشتگیری کراوە و ئامانجی ئەوەیە کە ئاڕاستەی گفتوگۆی سیاسەتی نیشتمانی بەرەو دیدگایەکی ئابوری تۆکمە و خۆڕاگر و دابینکردنی زانیاری و کەرەستەی پێویست بۆ بکەرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و فشارکردن بۆ هێنانەکایەی گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئابوری حکومەت. هەڵسەنگاندنی ئابوری عێراق لەلایەن پەیمانگای لێکۆلینەویهەرێمی و نێودەوڵەتی (ئایریس) بڵاَودەکرێتەوە لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی. هەڵسەنگاندنی ئابوری عێراق کورتەڕێگایەکە بۆ تێگەشتن لە ئاڕاستە ئابوریە سەرەکیەکان. ئەم هەلَسەنگاندنە پێکدێت لە بوارەکانی گەشەی ئابوری و شیکردنەوەی وردی چوارچێوەیاساییەکان, ژێرخانی گشتی, و سیستەمی داراییدارایی کە پێویستن بۆ دڵنیابونەوە لەوەی کە گەشەی ئابوری بەشێوەیەکی گشتگیرە.

**Institute of Regional and International Studies (IRIS)**
American University of Iraq, Sulaimani
Kirkuk Main Road, Raparin Sulaimani, Iraq

*www.auis.edu.krd/iris*
*iris@auis.edu.krd*
*@IRISmideast*
*/IRISmideast*

## نوسەران و بەشداران

### سەرۆکی پرۆژەکە ، ئەحمەد تەبەقچەلی



ئەحمەد تەبەقچەلی, پیشەگەرێکی بەئەزمونی بازاڕی سەرمایەیە و زیاتر لە 25 ڵساڵ ئەزمونی بازاڕی هەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا. تەبەقچەلی سەرۆکی وەبەرهێنەرانی فەندی ئەی ئێف سی عێراقە. هەروەها پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق-سلێمانی و توێژەری پێشکەوتوە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوەی لێکۆلینەویهەرێمی ایەتی و نێودەوڵەتی ڵلە هەمان زانکۆ. هەروەها توێژەری نانیشتەجێی ئەنجومەنی ئەتلانتیکە- دەستپێشخەری عێراق لە سەنتەری ڕەفیق حەریری بۆ پرۆگرامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. تەبەقچەلی ئەندامی بۆردی کرێدیت بانقی عێراقە بۆ وەبەرهێنانی سەرمایە کە بریتیە لە باڵیلی بانقی وەبەرهێنان لە بانکی ناوەندی ئوردن. بەڕێوەبەری گشتی پێشووی ئێن بی کەی کاپیتاڵلە کە باڵیلبانکی وەبەرهێنانی نیشتمانی کوەیتە. بەڕێوەبەری جێبەجێکار وسەرۆکی فرۆشتی دامەزراوەی نێودەوڵڵەتیە لە دەبلیو ئارِ هامبرێخت+ کۆیە. بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کیبانکە لە لەندەن وبەڕێوەبەر و سەرۆکی بازاڕی سەرمایە و فرۆشتنە نێودەوڵەتیەکانە لە جێفەریس ئینتەرناشناڵل لە لەندەن. تەبەقچەلی سەرەتا لە دی ویتە ئینتەرناشناڵل لە لەندەن دەستی بەم پیشەیەی خۆی کرد. ئەحمەد تەبەقچەلی بڕوانامەی ماستەری هەیە لە بیرکاری لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە شانشینی یەکگرتوو وە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی (بەپلەی باڵا) لە بیریکاری لە زانکۆی فیکتۆریا لە وێڵینتۆن لە نیوزلەندا بەدەست هێناوە وبەکالۆریۆسێکی دیکەی لە بیرکاری هەیە لە زانکۆی کانبێری لە نیوزلەندا.

### توێژەر حەمزە ئەلشەدیدی



حەمزە ئەلشەدیدی توێژەری سیاسەتە لە پەیمانگای لێکۆڵینەوی هەرێمی و نێودەوڵەتل. پسپۆریەکەی لەبواری پرسە ئابوریەکان و ئەمن و ئاسایش و سەروەری یاسایە لە عێراق. پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بەم پەیمانگایەوە حەمزە کاری دەکرد بۆ یەکەی توێژینەوەی ململانێکان لە دامەزراوەی کلینگیندایڵ کە تیایدا سەرقاڵی ڵ توێژینەوەبوو لەبواری حکومڕانی خۆجێ ي و چاکسازی لە کەرتی ئاسایش لە لیبیا. حەمزە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە بەڕێوەبردنی بازرگانی لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق-سلێمانی وە ماستەری هەیە لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوینی هاوچەرخ لە زانکۆی لەیدن، لە هۆڵەندا.

### پسپۆری شارەزا عەلی ئلسەفەر



عەلی ئەلسەفەر بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقایە لە ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی. بەڕێوەبەری کارەکانی ئەو ئاژانسە بووە لە هەرێمەکەدا و وەك ڕاوێژکاری سەرەکی کاری دەکرد لەگەڵل بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسەکە. پێش ئەم کارەی عەلی چاودێر و لێکۆڵلەری بواری وزە بووە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەکنەلۆژیا. ئەو خاوەنی نوسەری حەوتبەرگی پێشبینی گرنگی درێژخایەنی ڕوانگەی وزەی جیهانی بووە. ئەو نوسەری سەرەکی نوێترین لێکۆڵینەوەی ئاژانسی وزەی جیهانیە لەسەر عێراق کەلە نیسانی 2019 لەبەغداد بڵاوکرایەوە بەناونیشانی ڕوانگەی ئابوریە بەرهەمهێنەرەکان لە ساڵی ڵ 2018. پێش ئەوەی پەیوەندی بەم ئاژانسەوە بکات لە ساڵی 2012 ئەو ئابوریناسی بواری ئابوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە وپسپۆری پێشکەوتوی ئۆتۆمۆتیف بوە لە یەکەی هەواڵگیری ئابوری لەلەندەن. ئەو خاوەنی بڕوانامەیە لەبواری توێژینەوەی ئابوری وگەشەپێدان.

وەرگێڕانی : د.پشتیوان فەرەجتێبنی: ناوەرۆکی ئەم بڵاو کراوەیە مەرج نیە ڕای فەرمی پەیمانگای دیراساتی هەریمی و نێو دەوڵەتی یان سندوق نیشتیمانی دیموکراسی بێت. بەر پرسیارێتی زانیاری و رای باسکراو لەم بڵاو کراوەیەدا ئەکەوێتە سەرشانی نوسەرەکان بە گشتی.

## پێشەکی

نیگەرانیەکی قوڵ هەیە کە تا دێت زیاد دەکات لەلای هاوڵاتیانی عێراقی کەپێی وایە ئابوری وڵاتەکە بە جۆرێك تێکچوە هەرگیز هیوای چاکبوونی لێ ناکرێت. لەماوەی 5 ساڵی ڕابردودا چەندین خۆپیشاندان وناڕەزایەتی بەرفراوان ئەنجام دراون لەدژی گەندەڵی زۆر و نەبوونی هەلی کار و ئەم خۆپیشاندانانە تا دەهات زیادیان دەکرد. حکومەت وپارتە سیاسە باڵادەستەکان ئەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانانەیان سەرکوت دەکرد و دەیانەویست لەرێگەی پێدانی موچە و خانەنشینیەوەکۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن. لە ساڵی 2005 بۆ نمونە تەنها رێژەی 26% ی داهاتی نەوت لە موچەی هاوڵاتیان وخانەنشینیاندا خەرج دەکرا. کەچی لەساڵی 2016 رێژەی 88% ی هەموو داهاتی نەوت لە موچەی فەرمانبەران و خانەنشینیاندا خەرجکراوە. بەڵام لە ساڵی 2020 وای لێهات خەرجی موچەی فەرمانبەران زیاتر بوو لە داهاتی نەوت و ئەم رێژەیەش بەرز بویەوە بۆ 130%ی داهاتی نەوت.بەپێی هەڵسەندگانەکانی ئەم دوایە بێت هەمات شت ڕاستە بۆ ساڵی 2021.[1] لە ئێستایا زیاتر لە 6 ملیۆن فەرمانبەری حکومی موچە لە حکومەت وەردەگرن.[2]

دامەزراندن لە کەرتی گشتی وحکومی لە عێراقدا بەندە لەسەر بەرژەوەندی سیاسی وپەیوەندی بەحزبەکانەوە هەیە. زۆربەی عێراقیەکان تەنها بەپشتگیریکردنی حزبە سیاسیەکان دەتوانن پۆستی حکومی وەربگرن. ئەم ستراتیژیە بۆ  پاڵپشتیکردن لەم دواییانەدا توشی زۆر ئاڵنگاری دارایی بوەتەوە بەهۆی بەردەوامی دابەزینی نرخی نەوت. نوێترین قەیرانی دارایی کەبەهۆی پەتای کۆفید-19 ەوە دروست بوو لەگەڵ دابەزینی بەهاو نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهاندا-ئەمەشوایکردوە حکومەت لەلێواری مەرگی خۆی نزیك بێتەوە. لەئۆکتۆبەری ساڵی 2020 ئیتر وای لێهات چیتر حکومەت توانای پێدانی موچەی فەرمانبەرانی نەما بەبێ ئەوەی دەست بۆ قەرزکردن نەبات.[3] بەهۆی ئەم قەرزەشەوەو عێراقی دەوڵەمەند بەسەرچاوەکان، کە دەمێکە بەوڵاتی داهات مام ناوەند پۆلێن دەکرێت رووبەرووی قەیرانێکی گەورەی دارایی و پارەی نەقدینە دەبێتەوە وئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ملیۆنان عێراقی لەخوار هێڵی هەژاریەوە بن. لەهەمان کاتدا زۆربەی عێراقیەکان دەناڵێنن بەدەست نەبوونی خزمەتگوزاریە گشتیە سەرەتاییەکانی وەك ئاو وکارەبا و تەندروستی و هتد. بەکورتی، عێراق بریتی نیە لە دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی پشت بەستوو بە نەوت. بەڵکو عێراق دەوڵەتێکی کرێگرتەی نەوتیە کە تا دێت موچە دەبرێتەوە بەبێ ئەوەی خزمەتگوزاری پێویست دابین بکەن. لە ئێستاشدا گومان دەکرێت کە حکومەت توانای پێدانی موچەی هەبێت.

لەچەند مانگی ڕابردوودا حکومەت لەژێر فشاردا بووە بۆتێپەڕاندنی بودجە وچارەسەرکردنی ئەم ئاڵنگاریانە. بەشی یەکەمی ئەم نوسینەی هەڵسەندگاندنی ئابوری عێراق دەربارەی بەرەوپێشچونەکانی پرۆسەی بودجەیە وتا ئەمرۆش ئەم پرسە یەکلا نەبۆتەوە. هەڵسەندگاندنەکە جەخت دەکاتە سەر سێ قۆناغ: (1) دارشتنی فەلسەفەی ئابوری گشتی حکومەت وبڵاوکردنەوەی سیاسەتپەراویسپی لەسەر پرسی ئابوری، (2) رۆڵی وەزارەتی دارایی وبۆچونی دەربارەی ئەم پەراوەیە و بەرەوپێشخستنی بودجەی سەرەتایی، (3) ئەوگۆرانکاریەی بەم دواییانە کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ بۆدجە کرا. ئەم هەڵسەندگانە پێشبینی گۆرانکاری زیاتریش دەکات لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە.[4] دوای باسکردن وگفتوگۆکردن لەسەر بودجە بەشی دووەمی ئەم هەڵسەندگاندنە بریتی دەبێت لە شیکردنەوەی کەرتی نەوت، چونکە گەشەپێدانی ئەم کەرتە لەسەر ئاستی کورت-خایەن و مامناوەندی - خایەن گرنگە بۆ تێگەشتن لە ئاڵنگاریەکانی بودجە.

### بەشی 1: پرسی قەیرانی بودجە

یەکێك لە ئاڵنگاریەکانی تێگەشتن لە بودجەی فیدراڵی  ساڵی 2021 ئەوەیە کە ساڵی[5] 2020 بودجە بوونی نەبوو. بەهۆی خۆپیشاندانەکان عێراق بە ڕابەرایەتیکردنی گەنجان کە هەموو وڵاتەکەی تەنیەوە لە پایزی 2019 پرۆپۆزەڵی بودجەی ساڵی 2020 پێشکەش بەپەرلەمان نەکرا وەك ئەوەی کە لەکاتی خۆیدا ئامادەکاری بۆ کرابوو لە ئۆکتۆبەری 2019. دوابەدوای دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدول مەهدی سەرۆك وەزیرانی پێشوو بەهۆی فشاری خۆپیشاندەرانەوە, حکومەتی کاربەرێکەر چیتر دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو کەپێشنیاری یاسای بودجە بکات بۆ پەرلەمان. سەرۆك وەزیرانی ئێستا مستەفاکازمی ئەم دۆخە چەقبەستوەی  بۆ ماوەتەوە و حکومەتەکەی بەردەوام بوو لە خەرجیەکانی ساڵی 2020 بەپێی (یاسای "1\12 یەم). ئەم یاسایەش بەو مانایە دێت کە حکومەت لەسەدا دوازدەی بودجە خەرج بکات لە ساڵی 2019 بۆ هەرمانگێك. کێشەی ئەمەش لەڕوانگەی سیاسەتەوە ئەوەیە کە داهات و خەرجیەکانی ساڵی 2020 ڕەنگدانەوەی ئاستی داهاتی ساڵی 2019 نەبوو.

خشتەی (1): خەرجیەکانی بودجەی ساڵی 2019 و 2020[6]

| ساڵ | خەرجی گشتی (بلۆن دیناری عێراقی) | خەرجی ئێستا (بلیۆن دیناری عێراقی) | موچە (بلیۆن دیناری عێراقی) | خانەنشیی (بلیۆن دیناری عێراقی) | خەرجی وەبەرهێنان (بلیۆن دیناری عێراقی) | خەرجی وەبەرهێنانی نانەوتی (بلیۆن دیناری عێراقی) | خەرجی وەبەرهێنانی نەوتی (بلیۆن دیناری عێراقی) | داهاتی گشتی (بلیۆن دیناری عێراقی) | داهاتی نانەوتی (بلیۆن دیناری عێراقی) | داهاتی نەوت (بلیۆن دیناری عێراقی) | رخی عێراق (بلیۆن دیناری عێراقی) | نرخی نەوتی برێنت (بلیۆن دیناری عێراقی) | هەناردەی نەوت (بلیۆن دیناری عێراقی) | کورتهێنان (بلیۆن دیناری عێراقی) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی خەرجی گیشی (2019) | 111.724 | 87.301 | 40.634 | 10.544 | 24.423 | 5.437 | 18.986 | 107.567 | 8.076 | 99.491 | 61.01 | 64.36 | 1.287 | -4.157 |
| | | | | | | | | | | | | | | |
| 2020 کانونی دوەم بۆ ئۆکتۆبەر | 57.865 | 56.368 | 33.435 | 11.268 | 1.498 | 1.328 | 169 | 43.094 | 4.316 | 38.778 | 37.37 | 39.84 | 927 | -14.771 |
| نۆفیمبەر بۆ کانونی یەکەم تەخمین 2020 | 22.500 | 21.901 | 7.200 | 2.254 | 599 | 531 | 68 | 10.710 | 1.500 | 9.210 | 43.7 | 46.18 | 178 | -11.790 |
| تەخمینی 2020 | 80.365 | 78.269 | 40.635 | 13.522 | 2.097 | 1.860 | 237 | 53.804 | 5.816 | 47.988 | 38.39 | 40.9 | 1.105 | -26.562 |

دابەزینی نرخی نەوت وای کرد حکومەت ناچار بێت زۆر لەخەرجیەکانی کەمبکاتەوە وەك موچە وخانەنشینی و زەمانی کۆمەڵایەتی. بەڵام سەرەڕای کەم کردنەوەی ئەم خەرجیانەش هێشتا خەرجی زیاتر بوو لە داهات بەبڕی 26.6 تریلیۆن دیناری عێراقی یان نزیکەی 22.4 ملیار دۆلاری ئەمریکی.[7] ئەم کورتهێنانە پێویستی بە داراییی هەبوو کە تەنها بەقەرزکردن چارەسەر دەکرا. بەڵام بەبێ بوونی یاسای بودجە وەزارەتی داراییی داوای لەپەرلەمان کرد کە ڕێگە بە حکومەت بدەن بۆ قەرزکردنی 27.0 تریلیۆن دیناری عێراقی (22.7 ملیار دۆلاری ئەمریکی). ئەمەش تەنها لە ڕێگەی دابینکردنی ناڕاستەوخۆی داراییی نەقدی لەلایەن بانکی ناوەندی عێراق ئەویش لەڕێگەی یاسای خەزێنە کە کڕاوە لەلایەن بانقە حکومیەکانەوە و ئەوانیش ئەمە دەفرۆشن بە بانکی ناوەندی. بەڵام هێشتا ئەم بڕە پارەیە بەشی ئەوەندەی نەدەکرد کە حکومەت پێویستی پێی بوو بۆ پابەندیە یاساییەکانی "یاسای 12\1". هەروەها حکومەتەکەی کازمی نەیدەتوانی پابەندیە داراییەکانی حکومەتەکانی پێشووی خۆی بۆ شەهیدان و قوربانیانی چەوسانەوەی سیاسی دابین بکات. جگە لەوەش فراوانتربوونی لیستی موچەخۆران بۆ ئەوەی داواکاری خۆپیشاندەران بەجێ بهێنن کەلە ئۆکتۆبەری 2019 داواکاری خۆپیشاندەران بوو.[8] هەموو ئەو قەرزانەی کەبەلای حکومەتەوەیە و نەتوانراوە لە بودجەی ساڵی 2020 بدرێت دەبێت لە ساڵی 2021 بدرێت.

## 1. پەراوەی سپی حکومەت

تا ئەو کاتەی کە حکومەتەکەی کازمی پێکهێنرا لە مانگی ئایار, داهاتی نەوت 50% کەمی کردبوو لە دوومانگی یەکەمی ساڵی 2020. چاودێرەکانیش پێشبینی دابەزینی زیاتری نرخی نەوتیان دەکرد بەهۆی کەم بونەوەی خواستی بازاڕ بۆ نەوت و داخستنی سەرجەم کایەکانی ژیان بەهۆی پەتای کۆفیدەوە. سەرۆك وەزیرانی نوێی عێراق هێزی ئەرکی حاڵەتی لەناکاوی ڕاگەیاند بۆ چاکسازیکردن لە داراییدا و ڕێگریکردن لە پەککەوتنی حکومەت.[9] ئەم هێزە پێك هاتبوون لە ڕاوێژکاری پسپۆر و شارەزا و ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردرا کە پەراوەیەکی سپی ئامادە بکەن بۆ دەستنیشانکردنی پلانی ئایندەی ئابوری و ڕووبەڕووبونەوەی دەستبەجێی قەیرانەکان و چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکانی ئابوری وڵات.[10] دواتر ئەو پەراوە سپیە بڵاوکرایەوە لە 22 ی ئۆکتۆبەری 2020[11] و پشتیوانیەکی

---

[1] Emergency Cell for Financial Reform, 'The White Paper for Economic Reform: Vision and Key Objectives,' Government of Iraq, October 22, 2020, https://gds.gov.iq/ar/iraqs-white-paper-for-economic-reforms-vision-and-key-objectives/ , English: https://gds.gov.iq/iraqs-white-paper-for-economic-reforms-vision-and-key-objectives/. Updated estimates based on latest data from the MoF at http://www.mof.gov.iq/obs/ar/Pages/obsDocuments.aspx, and SOMO https://somooil.gov.iq/exports. The percentage in 2021 has declined due to the different exchange rate and would be at 124% of oil revenues under the prior exchange rate. The amounts for salaries and pensions do not include the estimated 600,000 + employees of the State-Owned Enterprises (SOE's) given the lack of reliable data.

[2] Finance Minister: Public sector employees, including pensioners, exceeded 6.5 million. (Arabic), al-Mada Paper, May 29, 2019, https://almadapaper.net/view.php?cat=218954

[3] Al-Kadhimi orders the release of public sector employees' salaries for October and November after the Parliament passed the deficit financing law, Rudaw (Arabic), November 12, 2020, https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/1211202011

[4] The next issue of the Iraq Economic Review will include a discussion of the budgetary crisis between Erbil and Baghdad and the position of the Kurdistan region within the federal budget in terms of the Region's commitments and allocations.

[5] Ahmed Tabaqchali, 'Gone with the Muhasasa: Iraq's static budget process, and the loss of financial control,' the Atlantic Council, January 6, 2021, https://www.atlanticcouncil.org/in-depth-research-reports/report/gone-with-the-muhasasa-iraqs-static-budget-process-and-the-loss-of-financial-control/

[6] Actual data for 2019 and January-October 2020 obtained from the Ministry of Finance (http://www.mof.gov.iq/obs/ar/Pages/obsDocuments.aspx), the ministry of oil (https://oil.gov.iq) and Statista (https://www.statista.com/statistics/262861/uk-brent-crude-oil-monthly-price-development/). November-December estimations are based on the government's proposals for deficit financing and the CoR's subsequent deficit financing legislations.

[7] Numerical values are rounded up to a single decimal for simplification. Please bear in mind the impact this round up has on USD values. Dollar values spent/budgeted before December 2020 are based on the pervious exchange rate (1 USD = 1,190 IQD). Thereafter, values are based on the new rate (1 USD = 1,460)

[8] In order to appease demonstrators, the prior government lowered the retirement age to 60, freeing 200,000 jobs, and added 300,000 new jobs for a total of 500,000 jobs. Karam Saadi, 'the new retirement law sparks controversy in Iraq,' the New Arab (Arabic), February 22, 2020, https://www.alaraby.co.uk/قانون-التقاعد-الجديد-يثير-الجدال-في-العراق
Prime Minister's Advisor: Insuring payemnts for public sector employees, al Sabah (Arabic), February 17, 2020. https://alsabaah.iq/22006/

[9] Samir al-Naseeri, 'Emergency Cell for Financial Reform,' al-Sabah (Arabic), May 16, 2020, https://alsabaah.iq/25528/خلية-الطوارئ-للإصلاح-المالي

[10] "A white paper is a report or guide that informs readers concisely about a complex issue and presents the issuing body's philosophy on the matter. It is meant to help readers understand an issue, solve a problem, or make a decision. The initial British term, concerning a type of government-issued document, has proliferated, taking a somewhat new meaning in business. In business, a white paper is closer to a form of marketing presentation, a tool meant to persuade customers and partners and promote a product or viewpoint." Source: https://en.wikipedia.org/wiki/White_paper

[11] Emergency Cell for Financial Reform, 'The White Paper for Economic Reform: Vision and Key Objectives,' Government of Iraq, October 22, 2020, https://gds.gov.iq/ar/iraqs-white-paper-for-economic-reforms-vision-and-key-objectives/ ,

فراوانی لێکرا. بەشێوەیەکی زۆر بوێرانە ئەوەیان ڕایگەیاند کە " ئەم پەراوە سپیە دوبارە ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابوری و کۆمەڵگا پێناسە دەکاتەوە". هەربەپێی ئەم پەراوە:

"نەبونی هاوسەنگی لە پێکهاتەی ئابوری هۆکاری سەرەکی کەڵەکەبوونی قەیرانەکانی سیاسەتی ئابوری و گشتیە لە ساڵی 1970 ەوە- زۆربەی داهاتی نەوت وەك کەرەستەیەك بەکارهاتوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی دەوڵەت لە ئابوری و کۆمەڵگادا ئەویش لەڕێگەی فراوانترکردنی : (1) کەرتی گشتی (حکومی), (2) کۆنرۆڵی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە, (3) ڕۆڵی کرێگرتەیی حکومەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆکۆمەڵگا. لەدوای ساڵی 2003 دەرفەتی ئەوە هاتە گۆڕێ کە ئەم ئاڕاستەیە بگۆڕدرێت. بەڵام ڕژێمی نوێی سیاسی ئەم دەرفەتانەی بەهەدەر دا و خراپ سوودی لەو دەرفەتانە وەرگرت. چونکە حکومەت نەیتوانی ئابوریەکی ئازاد و هەمەچەشنە بهێنێتە گۆڕێ بەپێی ئەو بنەمایانەی کەلەسەری ڕێککەوتبوون لە دەستوردا و حکومەت هەر بەردەوام بووم لە کارکردن بەفەلسەفەکەی پێشووی خۆی,ئەمەش بەهۆی دەرکەوتن و سەرهەڵدانی ناوەندی نوێی دەسەڵات و دیاردەی بەکارهێنانی موحاسەسەی تایفی وەك کەرەستەیەك. ئەنجامی ئەم سیاسەتانەش ئابوریەکی داڕماو و لاواز بوو کە بووە هۆی دروستبوونی ئەو بارودۆخەی ئێستا کە ئەم قەیرانە ئابوریە هەنوکەییەی لێکەوتۆتەوە."[12]

ئەمپەڕاوە سپیە چوار بیرۆکەی سیاسی گشتی گرتۆتە خۆ. یەکەم, بەپێی ئەم پەڕاوە سپیە زۆرپشت بەستن بە داهاتی نەوت و زیادکردنی ئیلتیزامەکانی خەرجیەکان لە بودجەدا و فراوانترکردنی خەرجی پێدانی موچە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم قەیرانە دارایی و کورتهێنانی بودجەن لە ئێستادا. پێشبینی نەکردنی داهاتی نەوت و بەردەوام زیاترکردن و فراوانترکردنی لیستی موچە بوون بەهۆی دروستبوونی قەیرانێکی نائاسایی مەترسیداری ئابوری. حکومەت هیچ دەسەڵاتێکی نیە بەسەر زیادکردنی داهاتی نەوت و داهاتی نانەوتیش چەندین ساڵی پێویستە تەنانەت لەباشترین حاڵەت و بارودۆخدا. هەربۆیە ئەم پەراوە سپیە پێی وایە کە یەکێك لە چارەسەرەکان بریتیە لە گونجاندنی خەرجیەکانی موچەی حکومی لەگەڵ بەرزونزمی داهاتی نەوت. بەتایبەتیش ئەم پەڕاوە سپیە داکۆکی دەکات لە کەمکردنەوەی بەرچاوی بەشێکی زۆری خەرجیەکانی حکومەت کە بۆ موچەی فەرانبەران دەڕوات لە سێ ساڵی ئایندەدا. ئەمەش بەتایبەتی کاریگەری دەبێت لە سەر موچەی کەرتی گشتی (حکومی) و دەبێتە هۆی کەمکردنەوی خەرجیەکان و زیادکردنی داهاتی دەوڵەت لە 12.5% وە بۆ 25%. هەروەها سیستەمی خەرجی کەمتر دەکرێتەوە لە13% بۆ 5% لە کۆی داهاتی گشتی وڵات.

دووەم, ئەم پەڕاوە سپیە پشتگیری کەمکردنەوەی خەرجیە گشتیەکانی حکومەت دەکات وەك موچەی فەرمانبەران و خانەنشینی و قەرەبوکردنەوەکان بەڵام لەهەمانکاتدا زیادکردنی وەبەرهێنان لەبواری ژێرخانی وڵات و ئەو سەکۆیانەی کە سوودیان هەیە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت وەك کارەبا و پەیوەندیکردن و گواستنەوە و شاری پیشەسازی و ناوچەی دیوتی فری کەلەدوای ساڵی 2003 هەموو ئەم کەرتانە فەرامۆش کراون.[13]
سێیەم, ئەم پەڕاوەیە داوای ئەوە دەکات کە ڕێگریە یاسایی و بیرۆکراسیەکان لەبەردەم بزنس و بازرگانی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبکرێتەوە.
لەکۆتاییدا ئەم پەڕاوەیە دەڵێت دەبێ چاکسازی ئابوری بکرێت بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان و گەیاندنی سودی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو کەسانەی کە بارودۆخیان زۆر ناهەموارە و لەئاستی خوارەوەی کۆمەڵگادان.

ئەگەر ئەم پەراوە سپیە جێبەجێ بکرێت ئەوا دەبێت خۆیان بگونجێنن لەگەڵ چەندین بارودۆخی تاڵی ناهەمواری ئێستای عێراق. لەکاتێکدا ئابوری عێراق هەمووی لەکەرتی موچەی گشتیدا خەرج دەکرێت و ژمارەیەکی زۆر کەم لە خەڵك پشت بە کەرتی تایبەت دەبەستن, لەئاستی کورت مەودادا چالاکیەکانی بازاڕ کەم دەبێتەوە چونکە کارمەندانی حکومەت کەمتر داهاتیان دەست دەکەوێت و کەمتر کاڵا دەکڕن. هەروەها لەسەر ئاستی تاك و خێزاندا, کەمکردنەوەی لیستی موچە خۆرانی حکومەت دەبێتە هۆی بەتاڵکردنی گیرفانی موچەخۆران و ماوەیەك دەبێتە هۆی ئاستەنگی دارایی و بارگرانی. لەکاتێکدا لیستی موچەخۆران زۆر زۆر گەورەیە بەڵام موچەی تاك و داهاتی خێزان زۆر سنوردارە.

---

[12] Unofficial English translation of the White Paper, Iraqi Economists Network, October 19, 2020, http://iraqieconomists.net/en/2020/10/19/iraq-white-paper-complete-english-translation/
[13] Ahmed Tabaqchali, 'Iraq's investment Spending Deficit: An Analysis of Chronic Failures,' Institute of Regional and International Studies (IRIS), December, 2018, https://auis.edu.krd/iris/latest-iris-publications/iraqs-investment-spending-deficit-analysis-chronic-failures

لەکۆتاییدا, ژێرخانی دامەزراوەکانی عێراق بەهۆی جەنگەوە خراپ وێران بووە و پێویستی بە وەبەرهێنانی گەورە هەیە, ئەمەش بەو واتایە دێت کە ڕێکخستنەوەی خەرجیەکانی حکومەت لەگەڵ ئەو داهاتەی کە هەیەتی زۆر قورس دەبێت تەنانەت لەباشترین حاڵەت و سیناریۆدا. هەربۆیەش دەبێت ئەو گۆڕانکاریانەی کە ئەم پەڕاوە سپیە بڕیارِ وایە بیهێنێتە گۆڕێ وردە وردەو هێدی هێدی بێت وە زۆر بەوریاییەوە کاری لەسەر بکرێت.
لەوانەیە یەکێك لە کەموکورتیەکانی ئەم پەڕاوە سپیە ئەوە بێت کە نیازی چاکسازی ئابوری هەیە لەکاتێکدا برینە قوڵەکانی عێراق خۆی لە سیاسەتی ئابوری و ئەو پێکهاتەیەدایە کە تا ئێستا کاری پێکراوە. لە ساڵی 2003 ەوە بودجەی نیشتمانی بووە بە دەسکەلای حزبە سیاسیەکان و بەهۆی ئەم بودجەیەوە ئەوان پشتیگیری میکانیزمی مەحسوبیەت دەکەن واتە دەمەزراندن لەسەر بنەمای حزبایەتی. هەربۆیە بەبێ چاکسازی لە سیستەمی سیاسی و سیاسەتی کرێگرتەیی هەر هەوڵێک بۆ هێنانە ئارای گۆڕانکاری لە سیاسەتی ئابوریدا توشی چەندین بەربەست و ئاڵنگاری دەبێتەوە.[14]

هەرلەبەر ئەوەشە چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە بیرۆکە گشتیەکانی ئەم پەڕاوە سپیە تێکەڵ بە پرۆسەی بودجەی ساڵی 2021 دەکرێت وەك چۆن یاسای پێشنیارکراوی بودجە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە تێپەڕێنرا بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دواتریش بۆ پەرلەمان. ئەندامانی پەرلەمان زۆر دژایەتی ئەوە دەکەن کە بودجە کەمبکرێتەوە لە میانەی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنە نیشتمانیەکان لە پایزی ساڵی 2021. دواتر باس لە پرۆسەی بودجە دەکەین و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی پێویست دەخەینە ڕوو لەو بارەیەوە.

## 2.پرۆپۆزەڵی بودجەی وەزارەتی دارایی بۆ ساڵی 2021

یەکێك لە مشتومڕترین بابەتی پەیوەندیدار بە بودجەی ساڵی 2021 ی وەزارەتی دارایی پێشنیارکردن بوو بۆ دابەزینی بەهای دیناری عێراقی بەڕێژەی 23%. پەڕاوە سپیەکە تیشکی خستبوە سەر لایەنی نەرێنی هەڵاوسانی ڕێژەی ئاڵوگۆڕی دراویی بەتایبەتی پەیوەندیدار بە کێبرکێی بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازیەکان.[15] هەربەپێی ئەم پەڕاوە سپیە کەمکردنەوەی بەهای دیناری عێراقی بۆ حکومەت باشە و بەهۆیەوە دەتوانێت موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان بدات بەڵام دەبێتە هۆی بارگرانی زیاتر و نرخی شتومەك لەسەر هاوڵاتیان گرانتر دەکات و دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی ئاستی ژیانی زۆرینەی دانیشتوانی عێراق چونکە وڵاتی عێراق پشتی بەستوە بەهاوردەی دەرەکی بۆ تێرکردنی پێداویستی بەرخۆری ناوخۆ.[16]
جگە لەوەش نوسەرانی ئەو پەڕاوە سپیە نیگەرانی ئەوە بوون کە کەمکردنەوەی بەهای دیناری عێراقی وەك تەنها چارەسەر بۆ پێدانی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان وەها دەکات کە چینی سیاسی خۆیان بدزنەوە لە چاکسازی ڕیشەیی و گۆڕینی پێکهاتەی سیاسی. بەبێ چاکسازی ئەگەری دوبارە کەمکردنەوەی بەهای دیناری عێراقی لە ئارادایە.
هەروەها پێداویستی پاراستنی یەدەگی دراوی عێراقی کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر وەزارەتی دارایی و بەوهۆیەوە پێشنیاری کەمکردنەوەی بەهای دیناری گرتەبەر. (لە کۆتایی ساڵی 2020 یەدەگی دراوی عێراق بریتی بوو لە 54.0 ملیار دۆلاری ئەمریکی بەبەراورد بە یەدەگی دراوی عێراق لە کۆتایی ساڵی 2019 بریتی بوو لە 67.5 ملیار دۆلاری ئەمریکی). لە بەرواری 19 ی کانونی یەکەمی 2020 گۆڕانکاری کرد لە ڕێژەی ئاڵوگۆڕی دراوی عێراق لە 1,190 دینار بەرامبەر 1 دۆلاری ئەمریکی بۆ 1,460 بۆ هەر دۆلارێك.
یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکاریە بریتی بوو لە بوژانەوەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ کاڵاکان و کەرتی خزمەتگوزاری-[17] بەتایبەتی کەرتی کشتوکاڵی عێراق کە نزیکەی 20% ی هەموو هەلی کارەکانی عێراق دەگرێتە خۆ لە ئابوری وڵاتەکەدا, لە وڵاتێك کە سێ لەسەر چواری دانیشتوانەکەی لە ناوچە کشتوکاڵی و لادێیەکاندا نیشتەجێن. لەهەمان کاتدا گەشەپێدانێکی ئەرێنی کاتی زۆری پێویستە بۆ ئەوەی بەرهەمی باشی هەبێت.[18]

---

[14] Ahmed Tabaqchali, 'Will COVID-19 Mark the End Game of Iraq's Muhasasa Ta'ifia,' Arab Reform Initiative, April 24, 2020, https://www.arab-reform.net/publication/will-covid-19-mark-the-endgame-for-iraqs-muhasasa-taifia/

[15] A case of the "Dutch Disease," which is defined as: "Dutch disease is an economic term for the negative consequences that can arise from a spike in the value of a nation's currency. It is primarily associated with the new discovery or exploitation of a valuable natural resource and the unexpected repercussions that such a discovery can have on the overall economy of a nation." James Chen, Investopedia, November 22, 2020, https://www.investopedia.com/terms/d/dutchdisease.asp

[16] As the state revenues mostly come from oil sales in USD, devaluating the IQD would enable the state to make its domestic obligations in IQD without running the risk of further depletion of the country's foreign currency reserves.

[17] For a review of the importance of the agricultural sector to the economy see chapter four of the World Bank's report 'Breaking out of Fragility: A country economic memorandum for diversification and growth in Iraq", the World Bank, September 30th, 2020, https://www.worldbank.org/en/country/iraq/publication/breaking-out-of-fragility-a-country-economic-memorandum-for-diversification-and-growth-in-iraq

[18] The Central Bank of Iraq statement on the exchange rate adjustment, December 21, 2020, https://cbi.iq/news/view/1624




سەرچاوە[19]

هەروەها چەند تەوەرێکی دیکە زیادکرا بۆ پەڕاوە سپیەکە لە پرۆپۆزەڵی بودجەی وەزارەتی دارایی. بۆ نمونە وەزارەتی دارایی جەختی خستە سەر زیادکردنی سەرچاوەکانی داهاتی نانەوتی.[20] بەپێی بودجەکە پێشنیاری بڕی 9.3 تریلیۆن دیناری عێراقی (6.4 ملیار دۆلاری ئەمریکی) زیادکردنی بۆ داهاتی نانەوتی کردوە و جگەلەمەش بڕی 1.2 مریلیۆن دیناری عێراقی (822 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی) لە داهاتی نەوتی زیاد دەکات.[21] بڕی 9.3 ترلیۆن دینارەکە لە ڕێگەی زەریبە و تاکسی کاڵاکانەوە دەبێت (مۆڵەکان, چێشتخانەکان,جوانکاری, ئەلکحول,توتن و جگەرە, و کڕینی ئۆتۆمبیل), هەروەها لە کەرتی خزمەتگوزاری (هۆتێل و سەرتاشخانە و گەشتی فڕۆکەوانی و جوانکاری و سەنتەرەکانی مەساجەوە) دەست دەکەوێت بەزیادکردنی نرخی تێچون و فرۆشتنی خێرای سەرچاوەکان. ئەوەی گرنگەئەو برەی 9.3 ترلیۆنە پێك هاتوەلە 1.9 ترلیۆین دینار (1.3 ملیار دۆلاری ئەمریکی) لە زیادکردنی زەریبەی زیاتری بەکاربەرانی کاڵا لەسەر بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوت. بڕی 1.2 ترلیۆن دیناری عێراقی دەست دەکەوێت لە داهاتی نەوتی ئەویش لە ڕێگەی خەزێنەی فرۆشتنی بەرهەمەکانی نەوت بۆ پاڵاوگە ناوخاییەکان کە تا ئێستا لەلایەن کۆمپانیاکانی سەربە حکومەتەوە بەکار هاتوون وپێویستە ئەوان موچەی کارمەندانی خۆیان بدەن.

دووەم، ئەم پرۆپۆزەڵە زەریبەی ئێستا زیاتر دەکات لە بڕی گشتی فرۆشتن بە بڕی 1.5 ترلیۆن دیناری عێراقی (1 ملیارد دۆلار) وزەریبە دەخاتە سەر دەرماڵە گشتیەکان (بۆ نمونە دەرماڵەی خێزان و منداڵ و دەرماڵەی بڕوانامە و هتد). بۆ زۆربەی کارمەندانی کەرتی حکومی موچەی بنەڕەتی زۆر کەمە وئەو دەرماڵانە موچەکەیان باش دەکات. بەپێی وەزارەتی دارایی بەهۆی کەمکردنەوەی ئەم دەرماڵانەوە بڕی 1.2 ترلیۆن دیناری عێراقی واتە (8.2 ملیار دۆلار) ساڵانە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە وبەمەش حکومەت بڕی 13.5 ترلیۆن دینار (9.2 ملیار دۆلار) ی دەست دەکەوێت. بەهەند وەرگرتنی ئەم ژمارانە ولەحاڵەتی پێش زەریبە و کەمکردنەوەی دەرماڵەکانی موچە و خانەنشینان خەرجیەکان بە گشتی بڕی 74.3 ترلیۆن دیناری عێراقی (50.9 ملیارد دۆلار) دەبێت بۆ ساڵی 2021, بڕی 43% ی لە ساڵی 2019 واتە 52ترلیۆن دیناری عێرای (43.7 ملیارد دۆلار) دەبێت.[22]

[19] CBI Monthly averages of the official exchange rate (navy), parallel market rate (sky blue), the premium of parallel market rate versus the official rate (blue, right hand side scale). Note: The devaluation took place on December 19th, and thus the chart for the month has an average of the old and the new rates. Moreover, the IQD parallel market rate was between 3-12% above the official price for much of 2012-2013, and the low premium was a recent feature that ended with the return to fears of conflict in early 2020 and the disruptions brought by the coronavirus.

[20] See a complete draft of the Ministry of Finance 2021 budget proposal, al-Rasheed Media (Arabic), December 17, 2020, https://www.alrasheedmedia.com/wp-content/uploads/2020/12/مشروع-قانون-الموازنة-العامة-الاتحادية-للسنة-المالية-2021.pdf

[21] All subsequent USD values relating to the 2021 budget are based on the new exchange rate of 1 USD = 1460 IQD

[22] The increase in spending stems from adding more public sector posts – a decision taken by the prior government. These additions include 312,237 more hires thus taking the total public sector employees number to 3,250,838.

لە کۆتاییدا, پرۆپۆزەڵەکە بودجەی وای داناوە کە نزیکەی 9.6 تریلیۆن دیناری عێراقی (6.6 ملیارد دۆلار) تەرخان دەکرێت بۆ ئەوانەی کە ئاستی دەرامەتیان زۆر کەمە لە کۆمەڵگادا. ئەمەش تەرخان دەکرێت بۆ خەرجی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە 1.8 تریلیۆن دیناری عێراقی (1.2 ملیارد دۆلار) بۆ 5 تریلیۆن دیناری عێراقی (3.4 ملیارد دۆلار) وە خەرجکردنی بڕی 648 ملیارد دیناری عێراقی (443.8 ملیۆن دۆلار) بۆ باشترکردنی کاریگەری سیستەمی دابەشکردنی گشتی بۆ بەئامانجگرتنی ئەوانەی کە داهاتی مانگانەیان کەمترە لە 1.500.000 یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار یان (1027.4 دۆلاری ئەمریکی).[23]
سەرەڕای ئەم پێوەرانە بۆشایی نێوان داهات و خەرجی لە بودجەی وەزارەتی دارایی هێشتا زۆر زیاترە بەبەراورد بە ساڵی ڕابردوو ئەویش بەهۆی دابەزینی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو و کەمکردنەوەی داهاتی وڵات لەلایەك و زیاتر بوونی خەرجیە گشتیەکانی عێراق لەلایەکی دیکەوە.
ئەو کورتهێنانی بودجەیە بەبڕی 58.3 تریلیۆن دینار (39.9 ملیارد دۆلار) نزیکەی 39% ی هەموو خەرجیە بەبەراورد بە 21% ی ساڵی 2019. تا دێت کورتهێنانی بودجە کەمتر دەکات لەمیانەی تێپەڕاندنی بودجە لە وەزارەتی داراییەوە بۆ پەسەندکردن و گۆڕانکاریکردن تیایدا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران.

## 3. دەستکاریکردنی پرۆپۆزەڵی بودجەی ساڵی 2021 لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە

لە ناوەڕاستی مانگی دوازدەی 2020 وەزارەتی دارایی پرۆپۆزەڵی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کرد بۆ ئەوەی پیاچونەوەی بۆ بکەن.[24] لەکاتێکدا ئەنجومەنی وەزیران هەندێك برگەی پرۆپۆزەڵەکەی وەك خۆی هێشتەوە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە هاریکاری کۆمەڵایەتی هەبوو کەچی هیچ گۆڕانکاریەکی نەکرد لەپلانی کەمکردنەوەی بەهای دیناری عێراقی و بەگشتی هەموو ئەو میکانیزمانەی گۆڕی کە پەیوەندی هەبووبە کەمکردنەوەی خەرجیەگشتیەکانی حکومەت.[25]
یەکەمین گۆڕنکاری ئەنجومەنی وەزیران کردی بریتی بوو لە کەمکردنەوەی زەریبەی سەر بەرهەمە نەوتیەکان. ئەنجومەنی وەزیران بڕی 1.9 تریلیۆن دینار (1.3)ملیارد دۆلار) ی زەریبەی تایبەت بە بەرهەمە پاڵێوراوەکانی نەوتی لابرد. ئەنجومەنی وەزیران پرۆپۆزەڵی وەزارەتی دارایی گۆڕی بۆ ئەوەی بەهای نەوت بەرزتر بکاتەوە و نرخی باجی پاڵاوگەکانی زیاتر کرد, و ئەمەش دەکرا ببێتە هۆی زیاترکردنی داهاتی نەوتی حکومەت بەبڕی 900 ملیار دینار (606.4 ملیۆن دۆلار).

دووەم, لەجیاتی کەمکردنەوەی دەرماڵەکان ئەنجومەنی وەزیران زەریبەی داهاتی خستە ڕوو بۆ موچەی گشتی (بۆ نمونە, موچەی بنەڕەتی و دەرماڵەکان). واتە زەریبە و لێبڕی موچە بریتی بوو لە 1% بۆ موچەی سەروو 500,000 هەزار دینار (342.5 دۆلار) بۆ هەر مانگێك و ئەم زەریبە و لێبرینە بەپێی زۆر وکەمی موچە زیاد دەکات بۆ ڕێژەی 27% بۆ ئەوانەی موچەکانیان لەسەرووی 10 ملیۆن دینارەوەیە (6849.3 دۆلار) لە مانگێکدا. دیسانەوە بەهۆی ئەوەی کە دەرماڵەکان جیاوازیەکی زۆریان تیادایە لەنێوان موچەخۆرانی حکومەت, ئەم جوڵەیە بووە هۆی ئەوەی کە زەریبەبەشێوەیەکی عادیلانە تر بێت و چینی ناوەڕاست پارێزراوتر بن لە لیستی موچەپێدانی حکومەت.[26] ئەم پێوەرانە دەیانتوانی داهاتی نانەوتی بەبڕی 4.1 تریلیۆن دینار (2.8 ملیار دۆلار) بۆ حکومەت دەستەبەر بکات. ئەم پلانی زەریبە یان باجە نوێیە دەبێتە هۆی داهاتی کەمتر لە 13.5 تریلیۆن دینار (9.2 ملیاردۆلار) بۆ 4.1 تریلیۆن دینار (2.8 ملیارد دۆلار).[27]

دوو گۆڕانکاریە سەرەکیەکەی وەزارەتی دارایی بۆ بودجە دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران پیاچونەوەی بۆ بودجەکە کرد ڕەنگدانەوەی خەمڵاندنە سیاسیەکانە بەتایبەتی لە ساڵێکدا کە هەڵبژاردنی گشتی تیا دەکرێت و سیاسیەکان زۆر هەستیارتر دەبن

[23] Other social security measures include budgeting 0.6 trillion IQD to support youth-led small and medium enterprises (SME's) and 0.8 trillion IQD towards health measures to combat the effects of COVID-19. Additionally, the proposal allocates 4.2 trillion IQD for the increase in pension payments in 2021 and 1.5 trillion IQD towards rectifying past shortages in commitments to survivors of martyrs and victims of political persecution and their survivors.
[24] A complete draft of the Council of Ministers 2021 budget proposal: https://drive.google.com/file/d/1ezNiFZVEJtG6MP5TYZONxzhqR3HOrzgM/view
[25] The scale, for all public sector employees except the top positions, starts at 10% for income above IQD 500,000, 20% for income above IQD 1,000,000, and 30% for income above IQD 1,500,000. Effectively this translates to around 1% for income above 500,000 IQD ($342.5) per month and increases proportionally to 27% for incomes above 10 million IQD ($6,849.3) per month.
[26] The scale, for all public sector employees except the top positions, starts at 10% for income above IQD 500,000, 20% for income above IQD 1,000,000, and 30% for income above IQD 1,500,000. Effectively this translates to around 1% for income above 500,000 IQD ($342.5) per month and increases proportionally to 27% for incomes above 10 million IQD ($6,849.3) per month.
[27] In a confidence building measure intended to stave off public dissent, the CoM introduced a 40% flat tax on the total pay of the President, Prime Minister, Parliament Speaker, the heads of the Supreme Federal Court and the High Judicial Council, and the deputies of all these posts. A similar 30% tax was imposed upon the incomes of ministers, Parliament members, and directors-general.

دەربارەی ڕای گشتی. هەمان خەملاندنە سیاسی ڕەنگدانەوەی لەسەر پەرلەمانیش دەبێت- هەموو ئەمانەش چەندین بەربەستی سیاسی دروست دەکەن لە جێبەجێکردنی چاکسازی ئابوری و داهاتی ساڵانەی عێراق.

## 4. پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە

خشتەی (2) سیناریۆکانی بەردەم پڕۆپۆزەڵی بودجەی ساڵی 2021[28]

| ساڵ | خەرجی گشتی (بلۆن دیناری عێراقی) | خەرجی ئێستا (بلیۆن دیناری عێراقی) | موچە (بلیۆن دیناری عێراقی) | خانەنشیی (بلیۆن دیناری O15) | خەرجی وەبەرهێنان (بلیۆن دیناری عێراقی) | خەرجی وەبەرهێنانی نانەوتی (بلیۆن دیناری عێراقی) | خەرجی وەبەرهێنانی نەوتی (بلیۆن دیناری عێراقی) | داهاتی گشتی (بلیۆن دیناری عێراقی) | داهاتی نانەوتی (بلیۆن دیناری عێراقی) | داهاتی نەوت (بلیۆن دیناری عێراقی) | نرخی نەوت (بلیۆن دیناری عێراقی) | نرخی نەوتی برینت (بلیۆن دیناری عێراقی) | هەناردەی نەوت (بلیۆن دیناری عێراقی) | کورت هێنان (بلیۆن دیناری عێراقی) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشنیاری بودجەی 2021 جگە لەکوردستان | 150.302 | 125.538 | 47.479 | 18.455 | 24.764 | 11.142 | 13.622 | 86.878 | 19.424 | 67.454 | 42.00 | | 1.095 | -63.425 |
| پێشنیاری بودجە 2021 بە کوردستانەوە | 13.903 | 10.912 | 6.360 | 2.000 | 2.991 | 2.991 | | 6.282 | 725 | 5.557 | 42.00 | | 91 | -7.621 |
| پێشنیاری بودەی 2021 | 164.205 | 136.450 | 53.839 | 20.455 | 27.755 | 14.133 | 13.622 | 93.160 | 20.149 | 73.011 | 42.00 | | 1.185 | -71.045 |
| | | | | | | | | | | | | | | |
| خەملاندنی 2021 | 148.571 | 129.378 | 51.319 | 18.455 | 19.193 | 5.571 | 13.622 | 90.743 | 16.119 | 74.624 | 47.00 | 50.00 | 1.095 | -57.828 |

بەهۆی ئەم گۆڕانکاریانەی ئەنجومەنی وەزیران کۆی گشتی خەرجیەکانی حکومەت بەپێی ڕەشنوسی بودجە زیادی کرد بۆ 164.2 تریلیۆن دینار (112.5 ملیارد دۆلار) و کورتهێنانی بودجە زیادی کرد بۆ 71 تریلیۆن دینار (48.6 ملیارد دۆلار) بەبەراورد بە بڕی 150 تریلیۆن دینار و 58.3 تریلیۆن دینار (102.7 ملیارد دۆلار بۆ 39.9 ملیارد دۆلار) بەبەراورد بە بودجە خەملێنراوەکەی وەزارەتی دارایی.

کورتهێنانی بڕی 71 تریلیۆن دینار بەشێکی فەند دەکرێت بەبڕی 23.2 تریلیۆن دینار (15.9 ملیارد دۆلار) بە هاوکاری قەرزی خزمەتگوزاریە ناوخۆییەکان.(وەك قازانج و پێدانەوەی قەرزەکان) و دوبارە دارشتنەوەی قەرزەکان (وەك ئەو قەرزانەی حکومەت کەلەلای بانکە حکومیەکانە و حکومەت بە ئاسانی دەتوانێت کارئاسانکاریان بۆ بکات) هەروەها پلاندانانی ڕێکخستنی خزمەتگوزاریەکانی قەرزە دەرەکیەکان (زۆربەی ئەم قەرزانە دولایەنانەن و بەشێوەیەکی دۆستانە دراون بە عێراق لە میانەی قەیرانەکانی ساڵانی 2014 بۆ 2017. ئەم قەرزانە ئەگەری لێخۆشبونیان هەیە) جگە لەمەش حکومەت دەتوانێت هەندێك داهاتی دیکە زیاد بکات لە ڕێگەی دواخستنی پارەدانی غاز وکارەبا و مقاولەکان. لەکۆتاییدا حکومە ت توانای کۆکردنەوەی بڕی 50.6 تریلیۆن دینار (3.8 ملیارد دۆلار) ی هەیە لە خەرجیەکانی وەبەرهێنان لەو ڕێکەوتنانەی کە هەن بۆ فەندەکان (زۆربەیان دەرەکی یان بیانین) دوای حساباتکردنی بڕی 23.2 تریلیۆن دینار (15.9 ملیارد دۆلار) لە سەرچاوەکانی فەند کردن ئەوا بڕی کورتهێنان یەکسان دەبێت بە 47.8 تریلیۆن دیناری عێراقی (33.0 ملیارد دۆلار) ئەم تێچووەش و لایەنی دارایی دراوی ناڕاستەوخۆ لە بانکی ناوەندی عێراق دابین دەکرێت و لە ئاکامدا ئەمەش دەبێتە هۆی دارمانی یەدەگی دراوي عێراق لە دەرەوەدا.[29]

حکومەت دەڵێت لە دانوستاندانی لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (ئای ئیم ئێف) بۆ وەرگرتنی قەرز بەبڕی پاکێجی 6 ملیار دۆلار.[30] سندوقی دراوي نێودەوڵەتیش دەڵێت " دەسەڵاتی حکومەتی عێراق داوای هاوکاری باری نائاسایی کردوە لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی کەرەستەی هاوکاری دارایی دەستبەجێ (ئار ئێف ئای) هەروەها نیازی خۆیان خستە ڕوو بۆ وەرگرتنی هاوکاری زیاتر لەمەودای درێژخایەندا لەو فەندە بۆ ئەوەی هاوکاری چاکسازی ئابوری بکات".[31] بەڵام ئەم هاوکاریە بۆ حاڵەتی نائاسایی و لەناکاو بۆ دوو جۆر سیناریۆی جیاوازە. هاوکاری دارایی دەستبەجێ بریتیە لە هاوکاری خێرای دارایی کە سنودوقی دراوی نێودەوڵەتی دابینی دەکات بۆ ئەو وڵاتانەی کە ئەندامن و پێویستیان بە هاوسەنگی خێرا و دەستوبرد هەیە بۆ پارەدان بەبێ ئەوەی ڕەچاوی باری چاودێری ئەو هاوکاریە دارایی بکرێت لەلایەن پرۆگرامی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی. جگە لەمەش ئەو بڕەی کە تەرخان دەکرێت زۆر کەمترە لەو بڕەی کەلە پرۆپۆزەڵی بودجەکەدا هاتوە. پرۆگرامی تەواوی سنودقی دراوی نێودەوڵەتی وەك

[28] Data based on the 2021 budget proposal as amended by the CoM, the initial MoF proposal which was leaked on social media. KRI figures are derived from the budget proposal, estimates of KRG's independent oil sales on top the 250,000 bbl/d that are required to be sold through SOMO. The estimates are based on expectations that the KRG-GoI deal will likely not materialize, and thus the GoI would pay part of the KRI salaries in line with what was paid in 2019 and most of 2020.

[29] Interestingly the MoF proposes to reduce the call on the CBI by 17.1 trillion IQD ($11.7 billion), i.e. the call on the CBI goes down to 30.1 trillion IQD ($20.6 billion). While details are not provided, the 17.1 trillion IQD is mostly composed of 8.5 trillion IQD ($5.8 billion) from national bonds, even though the sales of such bonds in the past have rarely crossed 0.5 trillion IQD ($342.5 million); and loans of 1.8 trillion IQD ($1.2 billion) and 5.9 trillion IQD ($40.4) from the World Bank and the IMF respectively.

[30] 'IMF says Iraq seeking emergency loans after oil price plunge,' Al-Jazeera, January 25, 2021, https://www.aljazeera.com/economy/2021/1/25/imf-says-iraq-seeking-emergency-loans-after-oil-price-plunge

[31] 'The IMF's Rapid Financing Instrument,' International Monetary Fund Factsheet, April 9, 2020, https://www.imf.org/en/About/Factsheets/Sheets/2016/08/02/19/55/Rapid-Financing-Instrument

ڕێکەوتنی کاتی وەهایە (ئێس بی ئەی) یان کارئاسانکاریکردنی هاوکاری فەند (ئی ئێف ئێف)[32] بەمەرج دەدرێت بۆ ئەوەی چاکسازی ئابوری بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوری و پێکهاتەییەکان کە بوون بە هۆکاری ئەوەی حکومەتی عێراق داوای هاوکاری لە سنودقی دراوي نێودەوڵەتی بکات.[33] لەکاتێکدا سنودقی دراوی نێودەوڵەتی لێدوای باشی دا دەربارەی هاوکاریکردن و پشتگیری کردنی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی بودجەکە, ئەمە پێش ئەو کاتە بوو کە ئەنجومەنی وەزیران هێشتا گۆڕانکاریەکان و وردەکاریەکانی لە بودجەدا نەخستبوە ڕوو.[34]جگە لەوەش سندوقی دراوی نێودەوڵەتی زۆر بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆی خستۆتە ڕوو کە عێراق پێویستی بەجێبەجێکردنی چاکسازي ڕیشەیی هەیە لە پێکهاتەکانی حکومداریدا, حکومەتی عێراقیش لە بواری چاکسازی ئابوریدا کۆڵەوارە و ئەزمونێکی وەها باشی نیە.[35]

## 5.بەرەو ئاینده: چاوەڕوانی چی بین لە پرۆسەی بودجە

نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان) لە ئێستایا گفتوگۆدەکەن لەسەر بودجە پێشنیارکراوی ئەنجومەنی وەزیران. چاوەڕوانی ئەنجومەنی ئەوەدەکرێت پێوەری خۆیان بگرنە بەر بۆکەمکردنەوەی خەرجیەکان. هەرچەندە ئەندام پەرلەمانەکان دەسەڵاتی ئەوەیان نیە کە خەرجی گشتی زیاد بکەن بە ویستی خۆیان بەڵام دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە بودجە بەدڵی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەو خەرجیانەی کە پێیان باشە پێش ئەوەی یاساکە لەپەرلەمان دەنگی لەسەر بدرێت. بەتایبەتی بەهۆی نزیکبونەوەی هەڵبژاردنەکان, لەوەناچێت کە پەرلەمانی ئێستا بتوانێت باج بخاتە سەر موچەی کەرتی گشتی فەرمانبەران. چونکە فەرمانبەرانی حکومی بەشی گەورەی دەنگدەرانی پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانن. هەربۆیە, ئەگەری تێدەچێت کە پەرلەمان زۆربەی 4.1 تریلیۆن دینار (2.8 ملیار دۆلار) پێچەوانە بکاتەوە لە زەریبەی داهاتی زیاتر و بەمەش وادەکات تەنها زەریبە لەسەر داهاتی سیاسیەکان و پلە بەرزەکان زیاد بکات. هەروەها ئەگەری هەیە کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی زەریبەی بەکاربەران.
وەك سەرلەقاندنێك بۆکورتهێنانی بودجە پەرلەمان مەبەستی ئەوەیەکە کورت هێنان کەم بکاتەوە لەڕێگەی کەمکردنەوەی تێچوی خەرجیەکان و زیادکردنی داهات. بەڵام بەهۆی ڕەهەندی سیاسیانەی نزیك بونەوەی هەڵبژاردن هەموو ئەمانە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجە تەنها لەسەر پەڕاوە. پەرلەمان لە ئێستایا بیر لە زیادکردنی داهات دەکاتەوە بۆ سەروو 98 تریلیۆن دینار (67.1 ملیارد دۆلار) لە 93.2 تریلیۆن دینارەوە (63.8 ملیارد دۆلار) وە کەمکردنەوەی خەرجیەکان بۆ ژێر 130 تریلیۆن دینار (89 ملیارد دۆلار) لە 164.2 تریلۆن دینارەوە (112.5 ملیاردۆلار) ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کورت هێنان بۆ نزیکەی 57% و ئەمەش دەکاتە بڕی 30.5 تریلیۆن دینار (20.9 ملیارد دۆلار) لە 71 تریلیۆن دینارەوە (48.6 ملیاردۆلار). [36]
کەمکردنەوەی خەرجیەکان بۆ 130 تریلیۆن دینار باشتر دەگونجێت لەگەڵ سنورداریەکانی بودجە بەڵام کەمکردنەوەی بودجە تەنها لەڕێگەی لێبڕینە لە خەرجیەکانی وەبەرهێنان وە دواخستنی دانەوەی قەرزی گاز وکارەبا و مقاولەکان. ئەمەش وادەکات کە حکومەت لە ئایندەدا قەرزدار بێت و لەبودجەکانی ئایندەدا ئەو قەرزانە بداتەوە. هێشتا پابەندیەکانی حکومەت بۆپێدانی موچەخۆرانی حکومی بەشێکی گەورەی خەرجیەگشتیەکان دەگرێتەوە.[37]

زیادکردنی داهات لە بودجە بۆ سەروی 98 تریلیۆن دینار بەخەمڵاندنی نرخی بەرزی کەرتی نەوتی و نانەوتی کراوە. بودجەی پێشنیارکراوی ئەنجومەنی نوێنەران نرخی نەوتی بەبەرزتر داناوە لە 42 دۆلارەوە بۆ هەر بەرمیلە نەوتێك بۆ 45 دۆلار. ئەمەش خەمڵاندنێکی ئاساییە بەهۆی گۆڕانکاری لە خواستی بازار بۆ نەوت و دەستکەوتنی پێکوتەی فایرۆسی کۆفید-19 هەروەها نرخی نەوتی بە 47 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك خەمڵاندوە بۆ ساڵی 2021. بەڵام ئەمە تەنها دەتوانێت داهات بەبڕی 5.1 تریلیۆن (3.5

[32] 'IMF Extended Fund Facility,' International Monetary Fund Factsheet, June 5, 2020, https://www.imf.org/en/About/Factsheets/Sheets/2016/08/01/20/56/Extended-Fund-Facility
[33] 'IMF Stand-By Agreement,' International Monetary Fund Factsheet, March 27, 2020, https://www.imf.org/en/About/Factsheets/Sheets/2016/08/01/20/33/Stand-By-Arrangement
[34] Deena Kamel, 'IMF calls for structural reforms in Iraq as economy set to contract,' The National News – Business, December 14, 2020, https://www.thenationalnews.com/business/economy/imf-calls-for-structural-reforms-in-iraq-as-economy-set-to-contract-1.1127637
[35] IMF Staff Completes 2020 Article IV Mission with Iraq, December 20, 2020, https://www.imf.org/en/News/Articles/2020/12/13/pr20372-imf-staff-completes-2020-article-iv-mission-with-iraq?cid=em-COM-123-42420
[36] For more on the Parliament discussions on the budget, see: Firas Adnan, 'The Financial Committee: Discussions have reduced the 2021 budget deficit by 57%,' (Arabic), al-Mada Paper, January 27, 2021, https://almadapaper.net/view.php?cat=233284, and Mohammed Sabah, 'Discussion on the 2021 budget reach advanced stages: Two options on salary reduction,' (Arabic), al-Mada Paper, January 30, 2021, https://almadapaper.net/view.php?cat=233331
[37] In a surprising development, though, the CoR's finance committee is planning to reverse the former government's policy of adding 321,944 public sector post to appease the demonstrations. This would lower the public salary component of the budget by about 11.0 trillion IQD ($7.5 billion USD) from 53.8 trillion IQD ($36.8 billion USD) to 42.8 trillion IQD ($29.3 billion USD)

ملیاردۆلار) زیادبکات.[38] واتە زۆربەی ئەو هیوای هەڵچنراوە لەسەر زیادکردنی داهات پێویستە لە داهاتی کەرتی نانەوتیەوە دەستبکەوێت لەگەڵ زیادکردنی بودجەی خەملێنراو, ئەمەش مەحاڵە بەهۆی ئەوەی عێراق مێژویەکی باشی نیە لە هەناردەکردن.

بەڵام یەك شت هەیە ناگۆڕێت لەمەودای کورت خایەندا: بڕیاری دابەزاندنی بەهای دینار کە ئێستا کاری پێدەکرێت و چۆتە جێبەجێکردنەوە. پرسیارەکەئەوەیە ئایا پەرلەمان فشاری سیاسی زیاتر دەکات یان نا لەسەر بانکی ناوەندی عێراق و داوای رێکخستنەوەی رێژەی ئاڵوگۆری دابەزاندنی دینار دەکات.چونکە ئەندام پەرلەمانتارەکان دەیانەوێت پشتگیری جەماوەریان هەبێت, بەتایبەتی لەمیانەی هەڵبژاردنەکاندا, ئەوان زۆر بە شێنەیی و ورددی ڕاوبۆچونی خەڵك بەهەند وەردەگرن. بەپێی ڕاپۆرتەکانی باشوری عێراق لە بەسرە و زیقار دەرکەوتوە کەنرخی خۆراك زیادی کردوە تەنانەت پێش ڕاگەیاندنەکەی بانکی ناوەندی بۆ دابەزینی بەهای دینار. بەپێی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ خەڵکانی چینی مام ناوەند لە بەغدادی پایەتەخت و ناوەندی نەجەف و سلێمانی دەرکەوتوەکەنرخی کالا هاوردەکان بەرێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە بۆ کاڵاکانی وەك برنج و گەنم و دانەوێڵە و شیری منداڵ و شەکر و ڕۆنی چێشت لێنان و ئارد و دایبی منداڵ و بەهەمەکانی شیرەمەنی. ئەندام پەرلەمانەکان بەردەوام دەبن لە ڕەخنەگرتن لە دابەزاندنی بەهای دینار و دووریش نیە بیکەن بە پرسێکی هەڵبژاردن. بەکورتی و کوردی, دوا نوسخەی بودجەی پەسەندکراو لەلایەن پەرلەمانەوە زۆر جیاوازتر دەبێت لەو بودجەیەی کە ئێستا پێشنیار کراوە.

لەکاتێکا بودجەکە مشتومڕی لەسەر دەکرێت و پیاچونەوەی بۆ دەکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە گرنگە وێنەگەورەکەمان لەبەرچاو بێت: ئەوبودجەیەی کەئێستا هەیە جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەڵ بودجەی ساڵانی پێشوتر. گرنگترین کەموکوڕی بریتیە لە زۆری خەرجیەکانی ئێستا لەسەر حسابی خەرجیەکانی وەبەرهێنان[39]. ئەوەی زۆر جێگەی نیگەرانیە کەمی ئەو بڕەیە کە تەرخانکراوەبۆ وەبەرهێنان کەلە مێژودا هاوتای نەبووە بەتایبەتی بۆ کەرتی نانەوتی و پرۆژەکانی ژێرخان, ئەمەش مایەی نیگەرانیەکی زۆرە چونکە هێشتا سێ ساڵ نابێت عێراق لەدەست شەڕی دژی داعش قوتاری بووە و هێشتا وڵاتەکە پێویستی بە بونیاتنانەوە هەیە. هەروەها هەموو ئەو کەرتانەی کە ئابورینانسان پێیان وایە گرنگی زۆریان هەیە بۆ گەشەی ئابوری لە مەودای درێژخایەندا (بۆ نمونە, کشتوکاڵ و پیشەسازی و پەیوەندیەکان و تەندروستی) کەمترین پارەیان بۆ وەبەرهێنان تیا تەرخان کراوە. کێشەیەکی دیکەی تری بونیادی هەیە لە پێکهاتەی بودجەی عێراق ئەویش ئەوەیەکە زۆربەی خەرجیە گشتیەکانی حکومەت بۆ کەرتی موچەی فەرمانبەران تەرخان کراوە. لەناو ئەوانیشدا کەرتی ئاسایش زۆرترین پارەی بۆ تەرخان کراوە. ئەم کەرتی ئاسایشە زۆر زیاتر پارەی بۆ تەرخان کراوە لە بودجەی ساڵی 2021 بەبەراورد بە بودجەی ساڵی 2019. بۆنمونە موچەی هێزەکانی حەشدی شەعبی ساڵ لەدوای ساڵ زیادی کردوە لە 1.3 تریلیۆن دیناری عێراقی (1.1 ملیاردۆلار) لە ساڵی 2018 دا بۆ بڕی 2.1 تریلیۆن دیناری عێراقی (1.8 ملیاردۆلار) بۆ ساڵی 2019 و ئەم بڕەش دیسانەوە زیادی کردوە بۆ 3.1 تریلیۆندینار (2.6 ملیاردۆلار) لە ساڵی 2020 و دیسانەوەش ئەم بڕە زیادی کردوە بۆ 3.5 تریلیۆن دینار (2.4 ملیاردۆلار) لە ساڵی 2021. چەندین توێژینەوەی نوێ ئاماژەیان بەو ڕاستیە داوە کە چۆن حزبە سیاسیەکانی عێراق پشت بە کەرتی ئاسایش دەبەستن وەك سەرچاوەی ئیش و دامەزراندن لەلایەك و وەك سەرچاوەیەکی دیکەی سەپاندنی هەژمونەی خۆیان بەهێز و دیارە ئەمەش لە ئێستادا بووە بە ئەولەویەتێك کە بەردەوامی پێدەدرێت سەرەڕای قەیرانە ئابوریەکان.[40]

## بەشی 2: کەرتی نەوت

### 1. تێڕوانینێکی نزیك لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت

لەساڵی 2020 بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی عێراق بەرێژەیەکی بەرچاو کەمی کرد بەبەراورد بە ساڵی 2019 (بڕوانە هێڵکاریەکەی خوارەوە). لە مانگی نیساندا عێراق رەزامەندی نیشاندا بە پابەند بوونی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت لەگەڵ ئۆپیك. دەبوایە عێراق ڕۆژانە بڕی 1.06 یەك ملیۆن و شەست هەزار بەرمیل نەوت کەمتر بەرهەم بهێنێت و لە مانەگانی ئایار و

[38] Zmkan Ali Saleem and Mac Skelton, 'The Failures of Reconstruction in Mosul: Root Causes from 2003 to the Post-ISIS period,' Institute of Regional and International Studies (IRIS), October, 2019, https://auis.edu.krd/iris/frontpage-slider-publications/failure-reconstruction-mosul-root-causes-2003-post-isis-period

[39] Zmkan Ali Saleem and Mac Skelton, 'The Failures of Reconstruction in Mosul: Root Causes from 2003 to the Post-ISIS period,' Institute of Regional and International Studies (IRIS), October, 2019, https://auis.edu.krd/iris/frontpage-slider-publications/failure-reconstruction-mosul-root-causes-2003-post-isis-period

[40] Renad Mansour, 'More than militias: Iraq's popular mobilization forces are here to stay,' War on the Rocks, April 3, 2018, https://warontherocks.com/2018/04/more-than-militias-iraqs-popular-mobilization-forces-are-here-to-stay/ and Mac Skelton and Zmkan Ali Saleem, 'Iraq's political marketplace at the subnational level: The struggle for power in three provinces, LSE Conflict Research Programme and IRIS, June 2020, https://auis.edu.krd/iris/frontpage-slider-publications/iraq's-political-marketplace-subnational-level-struggle-power-three

حوزەیران نزیکەی 0.85 واتە هەشت سەدو پەنجا هەزار بەرمیل کەمتر بەرهەم بینێت لە مانگی تەموز بۆ کانونی یەکەم. ئەمەش بوو بەهۆی کەمکردنەوەی هەناردەی نەوت بەساڵانە بە تێکرای 17%. لەسەرتادا عێراق پابەندی ڕێکەوتنەکەی ئۆپیك نەبوو بەڵام داتاکانی مانگانە ئەوە دەخە ڕوو کە عێراق تا دەهات پابەندی ئەو ڕێکەوتنە بووە.تا مانگی کانونی یەکەم داتاکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە عێراق 13% ی کەمتر نەوتی بەرهەم هێناوە بەبەراورد بە ساڵی 2019. مەحاڵە عێراق بتوانێت تەواو پابەندی ڕێکەوتنەکەی ئۆپیك بێت چونکە عێراق ناتوانێت کۆنرۆڵی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی ئاستی نەوتی هەرێمی کوردستان بکات.




سەرچاوە:https://www.ceicdata.com/en/indicator/iraq/crude-oil-production

هەناردەی نەوتی فیدراڵی (جگە لە نەوتی کوردستان) بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کرد لە 2020. ڕۆژانە بڕی هەناردەکردنی نەوت 17.3% کەمتر بوە لەهەناردەکردنی نەوت لە ساڵی 2019.




سەرچاوە: تانکە تراکە https://tankertrackers.com

هەر چوارکڕیارە سەرەکیەکەی نەوتی فیدراڵی عێراق وەك خۆیان ماونەتەوە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەڵام ئەوەی تێبینی کراوە وڵاتی چین وهیندستان لەو ماوەیەدا زیاتر نەوتی عێراقیان کڕیوە وئەمەش گرنگی ئەم بازاڕانە دەخاتە ڕوو بۆ عێراق.







سەرچاوە: تانکە تراکەhttps://tankertrackers.com

هەناردنی نەوت لە هەرێمی کوردستتان کەمی کرد ورۆژانە بری 16.2% ی هەناردە کەمتر بوو بەبەراورد بە ساڵی 2019.




سەرچاوە: تانکە تراکە https://tankertrackers.com

ئەو وڵاتانەی کە نەوتی هەرێمی کوردستانیان کڕیوە گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتوە لە ساڵی 2020. چین وتورکیا دو کڕیاری سەرەکی گرنگی نەوتی کوردستان بوون و نزیکەی 731,127 هەزار بەرمیل و 513,969 بەرمیل نەوتیان لە هەرێمی کوردستان کڕیوە.






سەرچاوە: تانکە تراکە https://tankertrackers.com

## 2. لێدوانی پسپۆر: عێراق وئایندەی بازاڕی نەوت لە ماوەی مامناوەنی خایەندا

لەلایەن عەلی ئەل سەفەر لەئاژانسی وزەی جیهانی

پەتای کۆفید-19 بازاڕی وزەی توشی شۆکێکی چاوەڕوانەکراو کرد کە پێشوتر دیاردەی وا ڕوونەداوە. کەمبونەوەی خواستی بازاڕ بۆ وزە لە ئەمساڵدا حەوت هێندەی کەمبونەوەی خواستی بازاڕ بوو لە کاتی قەیارنە داراییەکانی ساڵی 2009. ئەو پێوەرانەی گیرانە بەر بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی فایرۆسی کۆڤید بەشێوەیەکی بەرچاو خواستی بازاڕی بۆ نەوت دابەزاند. لە نیساندا نزیکەی 4.5 ملیار دانیشتوانی گۆی زەوی لە ماڵەکانیاندا بەند بوون ڕۆژانە خواستی بازاڕ بۆ نەوت یەکسان بوو بە 22 ملیۆن بەرمیل نەوت کەمتر بەبەراورد بە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو. هەرچەندە لە دوای ئەو بەروارەوە تۆزێك دۆخەکە باش بووە کەچی خواستی بازاڕ بۆ نەوت لە ساڵی 2020 نزیکەی 8.8 ملیۆنبەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمتر بوو بەبەراورد بە ساڵی 2019. پەتاکە گەشەی ئابوری دە ساڵی ڕابردووی سڕیەوە. کەمی بەرهەمهێنانی نەوت بوە هۆی دابەزینی نرخی نەوت بەشێوەیەکی بەرچاو. ئەمەش بوو بەهۆی کەمبونەوەی داهاتی ئەو وڵاتانە کە پشت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت دەبەستن وئەمەش تیشکی روناکی خستە سەر لاوازی ئەو ئابوریانەی کە تەنهاپشت بە نەوت دەبەستن نەوەك بە فرەچەشنەکردنی داهاتیان وعێراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خراپترین ئابوری هەیە چونکە داهاتی نەوت ڕێژەی 90% ی داهاتی گشتی وڵات پێك دەهێنێت. ئەوەی دواتر لە بازاڕی وزەی جیهانی ڕوودەدات ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە باری ئابوری و دارایی ئەو وڵاتەوە.

### ئایندەی کورت-مەودای دابینکردن وخواست و هاوسەنگی

بەهەندوەرگرتنی تێڕوانینێکی جیهانیانە خواستی بازاڕ بۆ نەوت ڕاستەوخۆ بەندە لەسەر دەستپێکردنەوەی چالاکیە ئابوریەکان لەمیانەی ئەم پەتایەدا. ئاژانسی وزەی جیهانی پێی وایە کە لەساڵی ئایندەدا ئەم چالاکیانە باشتر دەبن وخواستی جیهانی بۆ نەوت بەبڕی 5.7 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاد دەکات لە ساڵی 2021. ئەمەش قەرەبووی دوو لەسەر سێی ئەو زیانانە دەکاتەوە کە ڕوویدا لە ساڵی 2020. بەڵام خواستی بازاڕ بۆ نەوت 3.1 ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا کەمتر دەبێت لە ساڵی 2021 بەبەراورد بە ساڵی 2019 ئەمەش بەهۆی خواستی کەمی وزە بۆ کەرتی فرۆکە وگەشتە ئاسمانیەکان.

کاریگەری کەمی خواستی نەوت لەسەر نرخەکەی بەندە لەسەر دابینکردنی نەوت وبەتایبەتی ئایا وڵاتان ئەندام لە ئۆپێك زیاتر لەو ڕێژەیە نەوت بەرهەم دەهێنن یان ناکەلەسەری ڕێك کەوتون. بەڵام چەندی پێویستە تا ئەوکاتەی کە بازاڕی نەوت وەك سەردەمی پێش دەرکەوتی پەتاکەی لێدێتەوە کاریگەری دەبێت لەسەرداریاری کردنی نرخی نەوت. بەپێی ئاژانسی وزەی جیهانی بازاڕی نەوتی جیهانی زیادبوونی بەخۆیەوەدیوە بۆ نزیکەی 840 ملیۆن بەرمیل لە ماوەی نێوانکانونی یەکەمی 2019 بۆ ئایاری 2020. بۆ ساڵی 2020 بەگشتی ڕێژەی خواستی زیادە بریتی بوەلە 1.7 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەگەری هەیە ئەم دیاردەیە پێچەوانەبێتەوە لە ساڵی 2021 بۆ 1.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەم پێچەوانەکردنەوەیەش ئەبێتە هۆی ئەوەی بەگشتی ئاستی گشتی نزیك بێتەوە لە سەردەمی پێش پەتاکە تا مانگی کانونی یەکەمی 2021. بەواتایەکی دیکە، ئەگەر دیاردەی دیکەی تری نەخوازراو ڕوونەدات بۆکەم کردنەوی خواست لەسەر نەوت ئەوا ئەو بنەمایانەی کە بازاڕی ئێستای لەسەر بەندە وادەکەن مەحاڵ بێت نرخی نەوت بەرزبێتەوە پێش ئەوەی ئەمساڵ کۆتاییٚ بێت.

## مەودای دوورخایەن: کەی خواست لەسەر نەوت باشتر دەبێت؟

ئەگەر ببەپێی ئەوبۆچونە بێت کە پێی وایە لە ساڵی 2021 پەتاکەکۆنترۆڵ دەکرێت ئەوا باشتربوونی خواست لەسەر نەوت (بۆ گەڕانەوەی بۆ دۆخی ساڵی 2019) ڕوودەدات لەساڵی 2023. بەڵام ئەو ناسەقامگیریەی کەلەوماوەیەدا ڕوودەدات کاریگەری بەرچاوی دەبێت. تا ساڵی 2030 چاوەڕوان دەکرێت خواست لەسەر نەوت 2 دوو ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کەمتر بێت وەك ئەوەی ئەگەر بهاتبایە پەتاکە ڕوونەدایە. بەپێی ئەم هەڵسەنگاندنە بێت ئەمە تێڕوانینێکی گەشەبینانەیە بەڵام گرنگە ئەو پرسیارە بکەین: چی ڕوودەدات ئەگەر چاکبونەوە لە ڤایرۆسی کۆڤید وتێڕوانینێکی ئابوری جیهانی زیاتر دواکەوت. لە سیناریۆیەکی لەم شێوەیەدا، ئاژانسی وزەی جیهانی پێی وایە تا ساڵی 2027 مان پێویستە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە دۆخی پێش پەتاکە.

### سیناریۆکانی خواستی نەوت لەسەر ئاستی جیهاندا




سەرچاوە ئاژانسی وزەی جیهانی ڕوانگەی وزەی جیهانی 2020

## کاریگەری لەسەر نرخ وداهاتەکان: وانە وعیبرەت بۆ ئاینده

بەکارابەران کەمتر لەبڕی 1 تریلیۆن دۆلاریان خەرج کرد لەسەر بەرهەمەمانی نەوت لە ساڵی 2020 بەبەراورد بە ساڵی 2019. ئەمەش کاریگەریەکی خراپی کردەسەر ئەو وڵاتانەی کە ئابوریەکەیان پشت بە داهاتی هەناردەکردنی نەوت وگاز دەبەستێت. بەڵام کاریگەریەکانی ئەم شۆکە لەبازاڕی نەوت لە ساڵی 2020 جێگیر نیە وناکرێت وابەستە بکرێت تەنها بۆ ئەم ساڵە. پەتاکە بوو بەهۆی گۆڕانکاریەکی ڕیشەی لە ڕوانگەی خواست لەسەر نەوت ونرخی نەوتیش لە ئایندەدا. بەهای بەرهەمهێنانی نەوت وگازی خەملێنراو لەسەر ئاستی جیهاندا بۆ ساڵی 2040 نزیکەی یەك چارەك کەمی کردوە بەهۆی ئەو شۆکەی کە پەتاکە دروستی کرد. بۆ عێراق کاریگەریەکە زۆر گەورەترە ودابەزینەکە ڕێژەی %30 یە بەبەراورد بە ساڵی 2019 لە 1.2 تریلیۆن دۆلارەوە تا ساڵی 2040 بۆ کەمتر لە 850 ملیاردۆلار بۆ هەمان ماوە.

نەوت و گازی خەملێنراو لەسەر ئاستی جیهاندا بۆ ساڵی 2040




تا دێت بەناچاری خواست لەسەر نەوت وگاز کەمتردەبێتەوە ولەبەرامبەردا خواست زیاتر دەبێت لە سەروزەی نوێ و وزەی پاکژ لەچەند ساڵی ڕابردوودا. ئەمەش ئەودۆخەی ئێستای لێکەوتۆتەوە کەبریتیە لە خواستی کەمتر بۆ نەوت ودابەزینی زیاتری نرخی نەوت. ئەمەش واتە کەمکردنەوەی داهاتی ئەو وڵاتانەی کە بەرهەمهێنەری نەوت وداهاتەکەیان لەسەر ئەوە بەندە وەك عێراق بەنموونە. ئەم فشارانەش تا دێت زیاتر دەبن ولەغیابی نەبوونی پێکهاتەی نوێ بۆ ئابوری وڵاتەکە وە هەمەچەشنەکردنی داهات بەجۆرێکی مانادار. قەیرانی دارایی عێراق زۆر سەختە چونکە ئەو وڵاتە چەندین ساڵ نەوتی فرۆشتوە بەنرخێکی زۆر بەرز ودەرفەتی ئەوەی هەبوو ئەوکاتە ئابوریەکەی هەمەچەشنە بکات بەڵام لەوبوارەدا عێراق شکستی هێنا ئەوکاتەی کە دەرفەتی لەبەردەمدا بوو ئەوکارەی نەکرد. بۆیە ڕوانگەیەکی وزە کە پێی وابێت تا دێت خواست لەسەر نەوت کەمتر دەبێتەوە و دەبێتە هۆی کەمبونەوەی داهاتی وڵات وا دەکات کە نەتوانین بگەڕێینەوە بۆ هەمان قەیرانەکان لە ئایندەدا.

ئەنجام: مەغزاکان بۆ عێراقکاریگەریە بومەلەرزە ئاسایەکانی پەتای کۆڤید -19 لەسەر بازاڕی وزە بە سەختی ئابوری عێراق دارماند. کاریگەریەکان درێژخایەن دەبن ودەبنە هۆی کەمکردنەوەی بەهای هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە ئایندەدا. هەروەها ئەو گۆڕانکاریەی لە جیهاندا هاتۆتە گۆڕێ بۆ خواستی زیاتر لەسەر وزەی سەو وپاکژ دەبێتە هۆی نادڵنیاییەکی زیاتر بۆ عێراق. لەسەر ئاستی مام ناوەند ودرێژخایەندا وە کاریگەریەکان لەسەر بازاڕی وزە ئەوەدەخەنە ڕوو کە چیتر عێراق کاتی ئەوەندەی بەدەستەوە نەماوە تا بەهەدەری بدات لە هەوڵدان بۆ چاکسازی ئابوری. ئەگەر هاتوو ئەم دۆخە سیاسیە بنبەستوە وئەم شەلەل بونەی سیاسەتی عێراق لە ئێستادا نەگۆڕدرێت ئەوا گۆڕانکاریەکانی بازاڕی وزەی جیهانی دەبنە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم چاکسازی ئابوری دامەزراوەکانی عێراق. ئەمەش ئابوری و دارایی عێراق دادەرمێنێت وزۆربەی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگای عێراقی دەخاتە بەردەم مەترسی. ڕێگای بەردەم چاکسازی پڕە لە هەوراز ونشێو ورێگایەکی دووره بەڵام هێشتا گرتنە بەری ئەم ڕێگایە زۆر باشترە لە بژاردەکانی دیکە.

## مەغزاکان بۆ حوکومرانی

ئەوگۆڕانکاریانەی کەبەسەر بودجەی ساڵی 2021 دا هات وەك لە ڕەشنوسە سەرەتاییەکەی کە پێشنیار کرا لەلایەن وەزارەتی دارایی تا گەشتوە بەو ڕەشنوسەی ئێستا وئەو مشتومڕانەی ئەنجومەنی نوێنەران ڕەنگدانەوەی ئەو واقیع و ئاڵنگاریانەیە

کەلەبەردەم ئابوری سیاسی عێراقدان. بودجەکەزۆر بەربەست وئاڵنگاری بۆ دروست کراوە چونکە مەبەست لێی چاکسازی بووە. ڕاوبۆچونی زۆر دژبەیەکی لەسەر هاتە گۆڕێ وئەو بۆچونە جیاوازانەش ڕەنگانەوەی ڕێچکەی جیاواز نین بۆ چۆنیەتی ئەنجام دانی چاکسازی هێندەی ئەوەی ڕەنگدانەوەی ململانێ و بەرژەوەندیە سیاسیەکان لە ساڵێکدا کە هەڵبژاردنی تیا ئەنجام دەدرێت. سیاسیەکان زۆر هەستیارن دەربارەی ڕاوبۆچونی گشتی ولەکێبرکێیەکی زۆر سەختی یەکتردان بۆ زامن کردنی کورسیەکانی خۆیان لەپەرلەمان- ڕێژەی کورسیەکانی پەرلەمان ئەوە دەستنیشان دەکات کێ لەئاییندەدا سەرچاوەکانی دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکات و ەکێ حوکمڕانی ئەو ڕێچکە نوێیە دەکات کەلە دوای ساڵی 2003 ەوە هاتۆتە ئاراوە. ئەم ناکۆکی وململانێیانە نابنە خۆی گۆڕینی کێشەکان کە پێویستیان بە چاکسازیە، بەڵکو زیاتر بۆ دواخستنی پێویستی ئەنجامدانی چاکسازیە هەروەها بۆ ئەوەیە حکومەت لە ئاییندەدا لاواز وقەرزار بێت. ئەمەش مەغزای خۆی هەیە بۆ بودجەی ئایندە و بۆ ئاییندەی وڵاتەکەش.

ئەوپلانەکەلەئارادا بوو بۆ کەمکردنەوەی دەرماڵەکان وموچەکان وزیادکردنی باج و زەریبە لەسەرەتا مەبەستیان ئەوەنەبوو کەلەیەکساڵدا ئەنجامی بدەن. بەڵکو ئەوە تەنها هەنگاوی یەکەم بوو بۆ پلانی چەند ساڵێك بۆ دوبارە دارشتنەوەی هەموو ئەو کەموکورپیانەی کەلەبودجە وئابوریەکەدا هەبوو. پلانەکە مەبەستی گەشەپێدانی سیستەمێکی باج وسەرانەی پێشکەوتوو بوو کە تا دەهات لە ماوەی سێ ساڵدا وای دەکرد لیستی خەرجی موچەی فەرمانبەران نزیك بێتەوە وبگونجێت لەگەڵ داهاتی نەوتی وڵاتەکە. بۆیە لابردنی دەرماڵە وئیمتیازاتەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەئەگەری لابردنی سیستەمی پێشکەوتی باج وسەرانە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئەم پلانە بە گشتی. لە کۆتاییدا پاکێچی چاکسازی ئابوری تەنها وەك ماکیاج کردنێك دەمێنێتەوە.لەکاتێکدا چینی سیاسی تیشکیان خستۆتە سەر ئەو پێوەرانەی کە مەبەست لێ زامن کردنی پشتگیری جەماوەریە کەچی هەر ئەم هەنگاوانە دەبنە هۆی کەمبونەوەی متمانەی هاوڵاتیان بە چینی سیاسی دەسەڵاتدار. بەڵگەش بۆ ئەمە نەمانی متمانەی هاوڵاتیانە لە چەند ساڵی ڕابردوو داکە چەندین زنجیرە خۆپیشاندانی جەماوەری ڕویداوە لە ساڵی 2011 و2015 و 2018.[41] لەهاوینی 2018 دا خۆپیشاندەران ئەوەیان خستە ڕوو کە چەندە جیاوازیەکی قول هەیە لە نێوان زۆرینەی دانیشتوان و کەمینەی چینی سیاسی دەسەڵاتدار. ئەم قوڵبونەوەی جیاوازیانەش گەشت بە لوتکە لە بزوتنەوەی ئۆکتۆبەری ساڵی 2019 بە جۆرێك کە "هەمان چینی سیاسی نوخبە ودەسەڵاتدار لەڕووی ئایدۆلۆژیەوە ئیفلاسیان کرد وهیچ ئیعتیبارێکیان لای ڕای گشتی ئەم نەمانی متمانەیە چیتر ئەو پێداویستیەی نەهێشتۆتەوە بۆ حکومەت کە ڕای گشتی بە هەند وەرنەگرێت لە نەما". [42] بودجەی ساڵی 2021 وپرۆگرامی چاکسازی کردن بەپەڕاوەی سپی.

لەکۆتاییدا، چەندین کێشەی پێکهاتەیی بونیادی هەیە لە ئابوری عێراقدا وبودجەکەش وەك بەشێك لە چاکسازی ئابوری توانای چارەسەرکردنی ئەم کێشانەی نیە بەتەنها. لەهەمویان گرنگتر نەبوونی مۆنۆپۆلی یان قۆرغکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی و هێزە لەلایەن حکومەتەوە و بەهۆیەوە حکومەت لاوازە لە جێبەجێ کردن و سەپاندنی سەروەری یاسا. بۆیە ڕێچکەی درێژخایەنی چاکسازی کردنی ئابوری لە عێراقدا وەك وڵاتێك کە لە ناو چەندین ململانێدایە هیچ هاوشێوەی چاکسازی ئابوری نیە لە وڵاتێکی دیکەدا. پێویست دەکات چاکسازی ئابوری تێکەڵکێش بکرێت لەگەڵ گۆڕانکاری فراوانتر لە سیستەم و ڕێچکەی سیاسی ویاسایی و ئەمنیدا.

---

[41] Renad Mansour, 'Running Out of Options: Why Iraq's Elite Fails to Address Protests Demands,' Institute of Regional and International Studies (IRIS), October, 2020 https://auis.edu.krd/iris/sites/default/files/Running%20Out%20of%20Options%20-%20RM%20-%2022%20Oct%2020.pdf
[42] Renad Mansour, 'Protests Reveal Iraq's New Fault Line: The People vs. the Ruling Class,' World Politics Review, July 20, 2018, https://www.worldpoliticsreview.com/articles/25161/protests-reveal-iraq-s-new-fault-line-the-people-vs-the-ruling-class

IRIS
American University of Iraq, Sulaimani
Institute of Regional & International Studies